# جمهوری ئیسلامی و فایلی ئەتۆمی! ... ک- رەحیمی

لە پاش ماوەیەکی زۆرمشت و مڕی کاربەدەستانی رژێمی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئوروپائی و نێردراوانی نەتەوەیەکگرتۆکان و ئەنجومەنی ئەمینداریێتی ئاژانسی نێو دەوڵتی وزەی ئەتۆمی، سەرئەنجام لەسەر پێشنیاری چەند وڵاتی ئوروپایی، بڕیار درا کە فایلی چالاکیە ئەتۆمێکانی رژێمی تاران بگاتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان.
ئەوە کە ئەنجومەنی ئاسایش چ بڕیارێك دەداو ئاکامەکانی سیاسی و ئەمنییەتی لەسەر ئێران چۆن دەبی، بەبروای من باس کردنی زووە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە حکومەتی ئاخوندەکان بە دیپلۆماسی تەریککەوتو و بێ قیمەتو بریندایان، چاوەروانی هەر چەشنە دژکردەوەی سەیرو سەمەرەو تەنانەت نامەسئولانەو نامرۆڤانەیان لێ دەکرێو بە دوور نییە کە پاشەکشەو وەرچەرخانی 180 دەرەجەش بکەنەوەو بۆ جارێکی دیکەش وەك ڕابردوو جامی ژەهر بنۆشن.
رژێمی کۆماری ئیسلامی هەر لەکاتی هاتنە سەر کارێوە بە دەست تێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسی و بوژاندنەوەو یارمەتیدان بە تێروریزمی نێونەتەوەیی، هەروەها رێکخستن و سازماندانی دەیان رێکخراوی دەمارگرژی عەرەب و غەیرە، بە فیڕۆ دانی سەدان میلیارد پوڵ وسەروەتو سامانی گەلانی بندەستی ئێران لەو رێگایەدا، سیاسەتێکی گرتە بەر کە هیچ لە بەرژەوەندی گەلانی ئێران دا نەبووەو نییەو تەنیا ئامانجی ئەوان هێژمۆنی بە سەر ناوچەو" جیهانی ئیسلام" دەپێکێ.
لە دوای شەڕی ئێران و عێراق، ژێستە سیاسیەکانی رەفسەنجانی و لە دوای ئەو خاتەمی و تێزی "گوفتوگۆی شارستانیەتەکان"، زۆر کەس و رێکخراوو تەنانەت دوڵەتیشی توشی هەڵەو چاوەروانی بێ جێ کردو لایان وابوو کە ڕەوتی ئاڵوگۆڕکانی جیهان و ناوچە دەتوانێ شوێن بخاتە سەر مەلاکان و یەك شەوە لە دەمارگرژی و کۆنەپەرەستی و حەجەرێوە بیانکا بە دێموکراتو پێشکەوتنخوازو متمدن. بەڵام زۆری پێ نەچو کە بە هاتنە سەرکاری ئەحمەدینەژاد لە کۆدەتایەکی بێدەنگ دا، جارێکی دیکە هێزە ڕادیکاڵ وراستو ئیفراتیەکانی رژیم دەسەڵاتیان گرتەوە دەستو ڕیسی ئاڵوزوو پەرێشانی رەفسەنجانی وخاتەمی بۆوە خوری.
میراتی جەنابی ئەحمەدینەژاد پەروەندەی ئەتۆمی ئێرانە کە ماوەی چەندساڵە کاربەدەستان و لێپرساوانی ئێرانی و بیانی بە خۆیەوە مشغوڵ کردووە. ئەوەی کە هیچ جێگای شك و گومان نیە، ئەوەیە کە ئەم رژیمە دەیهەوێ خۆی بە چەکی ئەتۆمی تەیار بکات و بونی ئەم چەکە بۆ مانەوەی خۆی بە گرینگ دەزانێ. رژیم بە وەرێ خستنی تەبلیغاتی جۆراوجۆر و کەڵك وەرگرتن لە هەستی ناسیونالیستی خەڵك بەتەمایە فایلی ئەتۆمی بکاتە مەسەلەیکی مللی و هەر لەو پەیوەندیەدا ڕۆژ نیە کە باسی دوکتور موسەدق و مللی کردنی سەنعەتی نفت نەکا کە گۆیا ئیستیعماری ئینگلیس و ئەمریکا جارێکی دیکەش دەیانهەوێ پێش بە بوژانەوەی ئابوری و پێشەسازی وڵات بگرن. ئەوەش لە کاتێك دایە کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی هیچ کات لە لایەن کاربەدەستانەوە نەبیسراوە کە موسەدق کێ بۆو خزمەتە گەورەکانی چەند جێی رێزو قەدردانییە.
ئاخوندەکانی ئێران هیچ نێوێکی عەرەبی و سەیرو عەجایب نەماوە کە لەسەر شەقامو کوچەو کوڵان و دامو دازگا سەرکوتکەرەکانی دانەنێن، بەڵام هیچ کاتێك ناوی موسەدیقیان نەهێناوەو کاتی خۆشی هەر دژایەتیان لەگەڵ کردووە، ئێستاش تەنیا بۆ مەبەستی ئەتۆمی

خۆیان کەڵکی خراپ لەم ناوە وەردەگرنو هەستی ناسیونالیستی خەڵکی سادەو ساویلکە دەبزوێنن. ئاخوندکان ئەوەیان لەبیرچۆتەوە کە هۆیەکی سەرەکی سەرنەکەوتنی موسەدیق هەر خۆیان بونو ئەربابە ئینگلیسیەکانیان.

فایلی ئەتۆمی ئاخوندەکان ئەوەی بۆ هەمو لایەك رونتر کردەوە کە دەستی تێرۆرو گێرە شێوێنی جمهوری ئیسلامی چەندە درێژە. غولامرەزا ئاغازادە دەڵێ: " بە ناردنی دۆسییەی ئەتۆمی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش توندو تیژی لە رێژهەلاتی ناوەراست زیادتر دەبێت. " بە واتەیەکی تر ئەمە هەرەشەیکی ئاشکرای کاربەدەستانی ئێرانە کە ئەگەر ئێوە ئەوە بکەن ئێمەش ئەوە دەکەین.

روداوەکانی ئەم دوایانەی بەسرەو تەقینەوەکانی یەك لە دوای یەکی بەغدا و هەروەها سازبونەوەی ئاڵوزی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان بێ شك پەیوەندی راستەو خویان بەم رەوتەوە هەیە. شکستی قورسی دیپڵوماسی ئەتومی ئێران، بە هانا نەهاتنی دۆستەکانی تەنگانە ئەو راستییەی جارێکی تریش بۆ ئاخوندەکان دوپات کردەوە کە ئێوە بۆخۆتانو بیرو بۆچونو سیاسەتتان لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەمرۆ داجێگای نیە، مەسلەحەتی گەلانی ئێران لە مەسلەحەتی ئێوە جیایەو ئێوە نە دەتوانن و نە شایستەی ئەوەن گەلانی ئێران بەرەو ئاسایش و کماڵ بەرن. ئێوە نەخۆشین، دومەڵی سەرجەستەی ئێرانن و کاتی سرینەوەتان هاتووە.

ك- رەحیمی